# پرسی چەك و"درۆن"داركردنی پێشمەرگە

22-12-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** شەڕی دژی داعش و هێرشی جاربەجاری میلیشیاکان، پرسی درۆندارکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە رۆژەڤدا دەهێڵێتەوە کە هێشتا بەهۆی بێ متمانەیی سیاسی و بیرۆکراسییەکی تاقەتپڕووکێنی سەربازییەوە، یەکلانەکراوەتەوە. هەرچەند فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بەو دوواییانە گوتبووی

**بەرایی**

شەڕی دژی داعش و هێرشی جاربەجاری میلیشیاکان، پرسی درۆندارکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە رۆژەڤدا دەهێڵێتەوە کە هێشتا بەهۆی بێ متمانەیی سیاسی و بیرۆکراسییەکی تاقەتپڕووکێنی سەربازییەوە، یەکلانەکراوەتەوە. هەرچەند فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بەو دووایيانە گوتبووی، لەمەودوا فرۆکەی چاودێری بە هاوبەشی(ئەفسەری سوپا و ئەفسەری پێشمەرگە) بۆ چاودێریکردنی ئەو ناوچانە بەکاردێت کە بۆشایی ئەمنییان تێدایە،[1]بەڵام تائێستا عێراق رازی نەبووە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان درۆندار بکرێن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە تەنانەت بەشێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی درۆندارن[2]و بەپێی هەندێك سەرچاوەش، وەزارەتی بەرگریی عێراق بەنیازی کڕینی درۆنی زیاترە.

نەك تەنیا کڕینی چەکی نوێ و پێشکەوتوو، بەڵکو عێراقیش هاوشێوەی بەشێك لە وڵاتە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چووەتە خەیاڵی گەشە پێدانی توانای بەرهەمهێنانی چەکی نوێوە و، بۆ ئەوەش، (دەستەی گەشەپیدانی پیشەسازی جەنگی) زیندوو کردووەتەوە کە بەپێی یاسا، پێویستە نوێنەرێکی وەزارەتی پێشمەرگەشی تێدابێت. هەڵبەت بەپێی سەرچاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، تائێستا هیچ نوێنەرێکی ئەوان لەو دامەزراوە گرنگ و ستراتیژییەدا جێی نەکراوەتەوە کە راستەوخۆ گرێدراوی سەرۆکوەزیرانە.

**پرسی  چەك و درۆندارکردنی پێشمەرگە**

بیرۆکراسییەکی زۆر و مەرامی سیاسی، دوو هۆکاری گرنگن بۆ رێگرتن لە گەیشتنی چەکی نوێ بە پێشمەرگە. ئەمریکا رازیبووە درۆن بداتە پێشمەرگە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هێشتا عێراق بەوە قایل نییە. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەرجۆرە مامەڵە یان بەخشینێکی چەك بە هێزەکانی پێشمەرگە، پێویستیی بە رەزامەندی سەرۆکوەزیرانی عێراقە وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. ئەم جۆرە داواکارییانەش دەبێ سەرەتا وەزارەتی بەرگریی عێراق، دواتریش فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و دوای ئەوەش سەرۆکوەزیرانی عێراق پەسەندی بکات. راستییەکەی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، زیاتر لەوانی پێش خۆی مەیلی هاوکاریکردنی و بەشدارییپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی هەبووە. ئەمە شتیکی باشە، بەڵام دەستگیرۆیی سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت بە چەکی پێشمەرگە هێشتا بابەتێکی گرنگە، کە پێویستە بە سیاسەت و بە یاسا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. وەزارەتی پیشمەرگە تەنانەت بەوەش رازیبووە کە "ئەو درۆنانەی دەدرێنە پێشمەرگە، درۆنی شەڕکەر نەبن و تەنیا ئەوانەبن کە بۆ مەرامی چاودێری بەکاربێن". بەڵام هێشتا بەغدا بەوەش رازی نەبووە.

بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە پرسی چەك، دامەزراندنەوەی دەستەی پیشەسازیی جەنگییە کە دوای شەڕی 2003، بە بڕیارێکی پۆڵ برێمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکا هەڵوەشێندرابووەوە. ساڵی 2019 پەرلەمانی عێراق یاسای دامەزراندنی دەستەی پیشەسازیی جەنگی دەرکرد کە بەگوێرەی ئەوە، پێویستە نوێنەرێکی پێشمەرگەشی تێدابێت.[3] خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە یەکەم رەشنووسی یاساکە باسی ئەندامبوونی نوێنەرانی یەکەو دامەزراوە سەربازییەکانی بەبێ پێشمەرگە کردبوو، بەڵام لە یاسا پەسندکراوەکەدا پێشمەرگەشی بۆ زیادکراوە، هەرچەند تائێستا جێبەجێنەکراوە.

محەممەد ساحب دەڕاجی، پەرلەمانتاری پێشووی فەتح کە ئێستا سەرۆکایەتی دەستەکە دەکات، گوتوویەتی ئەوان هەنگاوی گرنگ دەنێن بۆ بەرهەمهێنانی چەك لە ناوخۆ، تاوەکو کەمتر پشت بە وڵاتان ببەستن.[4] وادیارە عێراق دەیەوێ هاوسەنگییەك لەنێوان چەکی رووسی و ئەمریکی- ناتۆدا رابگرێت و بۆ بەرهەمهێنانی چەك لە ناوخۆش، چاوی لە رێککەوتن لەگەڵ پۆڵۆنیا، تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکەیە.

هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بەغدا بە نیازە فرۆکەی بێفڕۆکەوانی بایراکتار لە تورکیا بکڕێت[5] و لیوا یەحیا رەسووڵ گوتەبێژی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانیش باسی لە کڕینی رادار و چەکی فەرەنسی کردووە.[6] کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە نارۆونییەکی یاسایی هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی پشکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەو چەکانەی کە عێراق دەیانکڕێت.

**کێبرکێی چەك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا**

خەریکە وردە وردە پێکهاتنێکی سارد باڵ بەسەر پەیوەندی لایەنە رکابەرەکانی ئەم ناوچەیەدا دەکێشێت، ئەمەش لەگەڵ چڕبوونەوەی خواست و تەقەلای دەوڵەتان بۆ کڕین و دروستکردنی چەکی نوێ هاوتەریبە و بە ئەگەری زۆریش، دواجار ناوچەکە بەرەو هاوسەنگییەکی نوێی هێزداری دەبات. ئێستا هەر لە ئاشتی نێوخۆیی کەنداوەوە بگرە تاوەکو دانوستاندنی تاران و ریاز، لانیکەم 8 دانوستاندنی دوولایەنە و چەندلایەنە لەنێوان هێزە رکابەر و نەیارەکانی ناوچەکە لە ئارادایە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، لە سووربوونی تورکیاوە بۆ کڕینی ئێس400ی رووسی، تاوەکو خواستی ئیمارات بۆ کڕینی ئێف-35 و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و خواستی ریاز بۆ کڕینی چەکی پێشکەوتووی بەرگری، زۆر تەقەلا هەن کە بازاڕی چەکیان لە ناوچەکە گەرم کردووە.

لەم رۆژانەدا کە "درۆنی وێڵ"[7] و گەمەی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر تێکەڵاوی یەکتر بوونە، رووسیا زیاتر ئامادەیی لە ناوچەکە هەیە و چین بە تەمای پەلکێشانە، ئەمریکاش لەنێوان خواستی مان و نەماندا دێت و دەڕوات، ئەکتەرەکانی ئەم ناوچەیە گۆڕین و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هاوپەیمانی و رکابەرییەکان، لەگەڵ دەستخستنی چەکی نوێ، وەك رێگەچارەی دروستکردنی هاوسەنگیی هێزداری سەیر دەکەن. لە دۆخیکی وەهادا، لانیکەم تاوەکو ئەو ساتانەی کە هاوسەنگییەکی سەقامگیری هێزداری دروستدەبێت، ئەگەری بەکارهێنانی گرووپە پرۆکسییەکان کراوەیە. ئەمە بۆ وڵاتێکی وەك عێراق و هەرێمی کوردستان کە سەرەڕێی هێز و جەمسەرە جیاوازەکانن، لەوانەیە واتای بەردەوامی ناسەقامگیری بدات. ئالێرەوەیە کە دابینکردنی چەکی نوێ، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەستن بە چاودێری و بەرگری ئاسمانی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی تیرۆر و گرووپە چەکدارییە جۆراوجۆرەکان بایەخێکی زۆریان هەیە.

**کۆتایی**

پرسی دابینکردنی چەك بۆ پێشمەرگە تائێستا پرسێکی سیاسییە. ئەگەرنا بەپێی بەندی دووی ماددەی دووەمی یاسای دەستەی پیشەسازیی جەنگی، پێویستە کەرەستە و چەك بۆ هەموو هێزەکان بە پێشمەرگەشەوە دابینبکرێت، بەڵام بێ متمانەیی لایەنەکان بووەتە هۆکارێك بۆ رێگرتن لە دابینکردنی پێداویستی و کەرەستە جەنگییەکان بۆ ئەم هێزانە کە رۆڵێکی کارایان لە شەڕی دژی تیرۆردا هەیە و کاریگەریی بەرچاویان لە دابینکردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش هەیە.

لەم رۆژانەی دوای هەڵبژاردندا کە جموجۆڵ و دانوستاندنی لایەنەکان سەبارەت بە دروستکردنی هاوپەیمانی و فراکسیۆنی گەورە و دواتریش حکومەت چڕبووەتەوە، گرنگە پرسی دۆزینەوەی دەرچەیەکی یاسایی- سیاسی بۆ پشکدارکردنی پێشمەرگە لەو چەکانەی کە وەزارەتی بەرگریی عێراق دەیانکڕێت، لەگەڵ بەشداریی نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە لە دەستەی پیشەسازیی جەنگیی عێراق دا، لەبەرنامەی کاری حیزبەکاندا بێت.

[1] ـ https://witebej.com/News.aspx?id=66170&MapID=4#.YcGXU8lByUk

[2]
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/astrad-almylyshyat-tht-rayt-qwat-alhshd-alshby-aljz-alawl-mnzw-mt-altayrat-almsywrt

[3] ـ https://moj.gov.iq/upload/pdf/4561.pdf

[4] ـ
https://www.alaraby.co.uk/politics/%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3-%D9%87%D9%8A%D8%A6%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B5%D9%86%D9%8A%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%B9%D8%B1%D9%82%D9%84%D8%A9-%D9%85%D8%AA%D8%B9%D9%85%D8%AF%D8%A9-%D9%84%D8%A5%D8%AD%D9%8A%D8%A7%D8%A1-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%AA%D8%A7%D8%AC

[5] ـ
https://www.alaraby.co.uk/politics/%D9%85%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D8%B1-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%B9%D9%86-%D8%B5%D9%81%D9%82%D8%A9-%D9%84%D8%B4%D8%B1%D8%A7%D8%A1-%D8%B7%D8%A7%D8%A6%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%22%D8%A8%D9%8A%D8%B1%D9%82%D8%AF%D8%A7%D8%B1%22-

%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9

[6] ـ https://ninanews.com/Website/News/Details?key=924373

[7] -ئاماژەیە بەو درۆنە بچووکانەی کە هێرشیان پێ دەکرێت و دۆزینەوەی شوێن وسەرچاوەکانیشیان، لانیکەم دەستبەجێ کارێکی ئاسان نییە.